# ڕاپەڕینی عەبدولڕەحمان پاشای بابان*

د. زولفوقار ئیپەک
لە تورکییەوە: هێمن عومەر خۆشناو
(شەقڵاوە)


دوای شکستخواردنی سپا کلاسیکییەکەی عوسمانی، لە دووەم گەمارۆدانی ڤییەننا (١)، دەوڵەتی عوسمانی دانی بەوەدانا کە ڕۆژئاوا لە تەکنۆلۆژیای سەربازیدا پێشکەوتووترە، بۆیە بۆ دامەزراندنی سپایەکی مۆدێرن، گەلێک هەوڵ و تەقەلالای دا، جا بە مەبەستی دابینکردنی پارەی پێویست بۆ ئەم سپا مۆدێرنە، سیستمی «مالیکانە» (٢) پەیڕەو کرا، هەرچەندە لە کورتخایەندا سوودی سیستمی مالیکانە دەرکەوت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بووە هۆی بەهێزبوونی دەسەڵاتە خۆجێییەکان.

بە درێژایی سەدەکانی حەڤدە و هەژدە، ناوەندەکانی دەسەڵاتی خۆجێیی و سەرۆک هۆزەکان، ئەم تێگەیشتنە کارگێڕییە لامەرکەزییەیان لە دژی دەوڵەت بەکارهێنا. بە درێژایی سەدەی هەژدەم، ناوچەکانی دەرەوەی عوسمانی دەسەڵاتیان لە دژی ناوەند بەدەست هێنا و دەوڵەتیش هەوڵی دا چارەسەر بدۆزێتەوە، ئەویش بە گرتنەبەری ڕێوشوێنێکی گونجاوی؛ کارگێڕی، دارایی و سەربازی. ئەم دۆخە لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا زیاتر دیار بوو. لەم ڕووەوە، چاکسازییە چڕوپڕەکان و هەوڵەکانی چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەند لە کارگێڕیی دەوڵەتدا لە سەردەمی سەلیمی سێیەم و مەحموودی دووەمدا، نەک تەنیا لە کارگێڕیی دەوڵەتدا شێوەیەکی نوێ بوون (هەندێک لە مێژوونووسان ئەم پرۆسەیە بە مۆدێرنکردنیش

ناودەبەن)، بەڵکوو دەکرێت وەک هەوڵێکیش بۆ ڕزگارکردنی دەوڵەت لە دارمان سەیر بکرێن.

لە جوگرافیای ڕۆمەلیا، سووریا و ئەنادۆڵ -دا، چەندان بنەماڵە، بەهۆی لاوازبوونی دەوڵەت بە درێژایی کات و گۆڕانکارییەکان، بەتایبەتی لە ڕێگەی سیستمی ئیلتیزام (٣) ەوە لە ڕووی داراییەوە دەوڵەمەند بوون و بە تێپەڕبوونی کات لە هەردوو بەڕێوەبردنی دارایی و کارگێڕی گوندنشینەکاندا بوونە ئەعیان (کەسایەتییە کاریگەرەکان). سەرکردەکانی هۆز و میرە کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و باکووری عێراقیش سوودیان لەم لاوازبوون و لەدەستدانی کۆنترۆڵی ناوەند وەرگرت و بەپێی ئەو دابونەریتەی کە لە پێشوودا خاوەنی سەربەخۆیی نیمچەیی بوون، دەستیان بە فراوانکردنی ناوچەکانی دەسەڵاتیان و بڵاوبوونەوە بەسەر هۆز و میرنشینەکانی دراوسێدا کرد. ئەم هەڵوێستەی سەرکردەکانی هۆز و میرەکان بووە هۆی تێکچوونی ئاسایش و دۆخی گشتی لەناو دەوڵەتدا و لە کۆتاییدا بووە هۆی ئەوەی کە دەوڵەت نەتوانێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ حوکمڕانی لەناو خاکی خۆیدا مسۆگەر بکات.

ئەم دۆخە هەڕەشەیەک بوو کە دەوڵەت نەیدەتوانی لە ئاستیدا بێدەنگ بێت، هەروەها هەندێک لە هۆز و سەرکردەکانیان، بەتایبەتی سەرۆک هۆز و میرە کوردەکانی دانیشتووی سنووری عوسمانی -ئێران، لەگەڵ لاوازبوونی دەسەڵاتی عوسمانی لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەمەوە، بەپێی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانیان لایەنگیرییان دەگۆڕی و هەندێک جار دەسەڵاتی عوسمانی و هەندێک جاریش دەسەڵاتی ئێرانیان دەناساند. وەک نوێنەری بەریتانی «کلۆدیۆس جەیمس ڕیچ» ئاماژەی پێداوە، لە هەمان کاتدا هەردوو وڵاتیش



**عەبدولڕەحمان پاشای بابان**

دەیانویست یاری بە میرە کوردەکان بکەن. بە قسەی ئەو: پاشای بەغدا هەوڵی دەدا پاشای کوردستان و شازادەی کرماشان فریو بدات، لە کاتێکدا شازادەش دەیویست هەردووکیان فریو بدات و خراپتر لەوەش، هەمووشیان هەوڵیان دەدا «بابی عالی»، واتە (حکوومەتی عوسمانی) فریو بدەن.(٤).

ئەم نموونەیە پوختەیەکی کورتە دەربارەی دۆخی ناوچەی سنووری عوسمانی- ئێران لەو سەردەمەدا. بەهۆی ئەو پێوەندییانەی کە بە تەواوی لەسەر بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان بنیاد نرابوون، دەوڵەتی عوسمانی نەیتوانی هێزی ناوەندی خۆی بە تەواوی لە ناوچەکەدا بسەلمێنێت و لە ئەنجامدا میرنشینە کوردییەکان سەرەڕای هەموو شتێک توانیان نیمچە سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن.

هۆز و میرنشینە کوردییەکان لە سنووری عوسمانی - ئێران، دەکەونە ناو سنووری سنجاقەکانی وەک

بایەزید، قارس و هەکاری سەر بە ویلایەتەکانی ئەرزرۆم و وان، کە بە ناوچە سنوورییەکانی دەوڵەتی عوسمانی دادەنران. لە باشووریشدا، سنووری سنجاقەکانی وەک سلێمانی، کەرکووک و هەولێر سەر بە ویلایەتەکانی بەغدا و مووسڵ. لەولای دیکەی سنوور لە ئێران، لە قەزا و ناحیەکانی وەک کرماشان، ورمێ و لوڕستان سەر بە ناوچەکانی خوی، سەلماس، مەهاباد، مەریوان، بۆکان، سنە، هەمەدان، بانە، سەردەشت و سەقز نیشتەجێ بوون (٥).

هۆزەکانی نیشتەجێی ناوچە سنوورییەکانی عوسمانی- ئێران بەگشتی سەرقاڵی ئاژەڵداری بوون و بە شێوازی کۆچەری (کوێستان - گەرمیان) دەژیان. بەهۆی ئەم شێوازی ژیانەوە، ئەم هۆزانە بە بەردەوامی لە نێوان خاکی هەردوو دەوڵەتدا دەهاتن و دەچوون و زۆربەی کاتیش بە شێوەیەکی سەربەخۆ و لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەتەکاندا دەجووڵانەوە. دەکرێت ئەم هاتوچۆ بەردەوامەی ئەم هۆزانە کە دیار نەبوو سەر بە کام دەوڵەتن، لە سنوورەکانەوە و ئەو ڕەفتارە نەشیاوانەی کە لە کاتی ئەم هاتوچۆیانەدا دەکران (وەک تالانکردن، دزی و وێرانکردن)، وەک هۆکاری سەرەکی گرژبوونی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت بە درێژایی سەدەکان، تەنانەت گەیشتن بە ئاستی شەڕیش، قبووڵ بکرێن (٦).

دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی دەدا ڕێوشوێن بگرێتەبەر بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو هۆزانەی کە سەر بە خۆی بوون و بەردەوام بەهۆی کۆچکردن بۆ کوێستان و گەرمێن سنوورەکانیان دەبەزاند. بۆ ئەم مەبەستە، نامەی بۆ والییە پێوەندیدارەکان نووسی و داوای زانیاری دەربارەی شوێنی ژیان و ژمارەی هۆزە کۆچەرییە کوردەکانی کرد (٧).

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا، کێشەکان بەردەوام بوون، لە کاتێکدا جگە لە دەوڵەتانی عوسمانی و ئێران، هەروەها بەریتانیا و ڕووسیاش دەستیان بە کاریگەری خستنە سەر ناوچەکە کرد، ئیدی دۆخەکە بۆ هەردوو دەوڵەت ئاڵۆزتر بوو. لەو سەردەمەدا، دەوڵەتی عوسمانی ناچار بوو لەگەڵ چەندان تەنگژەی ناوخۆیی و دەرەکی گرنگدا دەست و پەنجە نەرم بکات. لە سەرەتای ئەو سەدەیەدا، جگە لە کێشە ناوخۆییەکانی وەک ڕاپەڕینەکانی میسر، یۆنان و سڕبیا، لەگەڵ ڕووسیا و فەڕەنساش تێکگیر دەبوو.

دەوڵەتی عوسمانی، کە ترسی ئەوەی هەبوو ئێران لەم سەردەمە سەختەیدا کێشەی بەردەوامی هۆزەکان، بۆ دەرفەتێک بۆ خۆی بگۆڕێت، لە سەرەتای ئەو سەدەیەدا زیاتر گرنگی بە سنووری ڕۆژهەڵات و کێشەی هۆزەکان دەدا.

بۆ ئەم مەبەستە، دەوڵەتی عوسمانی سیاسەتێکی لە پێشینەی پەرەپێ دا، کە چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەند و گەیاندنی ئەم دەسەڵاتە بوو بۆ دوورترین گۆشەکانی وڵات. لە بنەڕەتدا، لە چالاکییەکانی چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەند لە ڕۆژهەڵاتی عوسمانیدا، هۆز و میرە کوردەکان خۆیان جێگەی سەرەکییان گرتبوو. بەو پێیەی کە ئەم هۆزانە کۆنترۆڵ کران، دامەزراندنی دەسەڵاتی ناوەند لە ناوچەکەدا بە سەرکەوتوو دادەنرا. لە ئەنجامدا، ستراتیژیی عوسمانی سەبارەت بە سەرۆک هۆز و میرەکانی سنووری ڕۆژهەڵات لەسەر بنەمای لەناوبردنی تەواوەتی هێزە خۆجێییەکان کە دەکرێت دەسەڵاتی سوڵتان بلەرزێنن و بەڕێوەبردنی ئەم ناوچانە لەلایەن والییە ڕاستەوخۆ دەستنیشانکراوەکانەوە بوو (٨).

لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا، لە لایەنی عوسمانی، سنووری باشووری عوسمانی- ئێران، پێنج میرنشینی سەرەکیی کوردی هەبوون: ئەمانەش میرنشینەکانی بابان، سۆران، بادینان،

هـەکاری و جزیـرە (بۆتـان) بـوون. لـەم نێوەندەدا، میرنشـینەکانی بابـان و سـۆران لەسـەر سـنووری ئێـران بـوون. بەهـۆی دووری لـە پایتەختـی عوسـمانی، هەروەهـا بەهـۆی ئـەوەی ناوچەکـە لـە ڕووی سـتراتیژییەوە بەهێزتریـن ناوچـەی ئێـران بـوو، گەورەتریـن ناکۆکـی نێـوان هـەردوو دەوڵـەت لـە کۆتایـی ئـەم سـەدەیەدا لەسـەر میرنشـینی بابـان بـوو، کـە ناوەندەکـەی سـلێمانی بـوو. میرنشـینی بابانیـش لـەو سـەردەمەدا گەورەتریـن هێـزی نافەرمـی ناوچەکـە بـوو.

تاکە سـەرچاوە؛ کە دەکرێت بۆ مێژووی سـەرەتای میرانـی بابـان بـەکار بهێنرێـت، کـە حوکمڕانـی شـاری سلێمانی و دەوروبـەری عێراقـی ئێسـتا بـوون، کتێبـی «شـەرەفنامە»یە. بەپێـی شـەرەفنامە، ڕەچەڵەکـی میرانـی بابـان دەگەڕێتـەوە بۆ ناوچـەی لاریجانی ئێران و نـاوی خۆیـان لـە یەکـەم میـری ناسـراویان «پیـر بـوداق بابـی» وەرگرتـووە. دوای مردنـی پیـر بـوداق و برازاکـەی، «بـوداق کـوڕی ڕوسـتەم»، بەڕێوەبردنـی میرنشـینەکە کەوتـە دەسـت کوڕانـی ئـەم بنەماڵەیـە، «سـلێمان» و «میـر ئیبراهیـم»، پاشـان زنجیـرەی حوکمڕانـی لـە ڕێگـەی ئەوانـەوە بـەردەوام بـوو (٩). دوای ئـەوەی دەوڵەتـی عوسـمانی دەسـەڵاتی بەسـەر ئـەم ناوچەیـەدا گـرت، میرنشـینی بابـان کـە زۆرتریـن کاریگـەری لـە ململانێـی دەسـەڵاتی نێـوان سـەفەوی و عوسـمانییەکاندا لەسـەر بـوو، تـا سـاڵانی ١٧٠٠ خاکـی میرنشـینەکانی ئـەردەڵان و سـۆرانی داگیـر کـرد و بـوو بـە بەهێزتریـن میرنشـین لـە ناوچەکـەدا (١٠).

مێـژووی میرنشـینی بابـان لـە سـەدەی هـەژدەدا پـڕە لـە ناکۆکـی و پێکدادانـی چەکداریـی نێـوان پاشـای بەغـدا و والـی کرماشـان. بەپێـی بۆچوونـی جەلیلـێ جەلیـل، هـۆکاری ئـەم پێکدادانانـە دابەشـکردنی ئـەو خاکانـەی میرنشـینی بابـان حوکمڕانـی لـێ دەکـرد، لـە نێـوان عوسـمانی و ئێرانـدا بـووە هـۆی پەیماننامـەی عوسـمانی - ئێـران کـە لـە سـاڵی ١٦٣٩ واژوو کـرا (١١).

لـە سـەرەتای سـەدەی هـەژدەدا، شـارەزوور کـە میرانـی بابـان لـە ڕووی کارگێڕییـەوە سـەر بـەو بـوون، لـە ١٨ سـنجاق پێـک هاتبـوو. کاتێـک وردبینـی لـە ڕاسـپاردەکانی سـنجاقدا دەکەیـن، یەکـەم جـار ئـەم سـنجاقە بـە نـاوی «بـەی بابان» هاتـووە و هیـچ تۆمارێکیشـی وەک حکوومـەت یـان ئۆجاقلیـق نەبـووە. حکوومەتـی ناوەندی عوسـمانی تـا ناوەڕاسـتی سـەدەی ١٨ بـە هـۆکاری جۆراوجۆر کۆتایـی بـە بوونـی زۆرێـک لـە سـنجاقەکان هێنـا، بـەڵام سنجاقی بابـان بـەردەوام بـوو لـە پاراسـتنی بوونـی خـۆی، تەنانـەت سنوورەکانیشـی فراوانتـر کـرد (١٢). نیـوەی دووەمـی سـەدەی ١٨ یەکێـک بـوو لەو سـەردەمانەی کـە پێکدادانەکانی سـنووری عوسـمانی - ئێـران گەلێـک زۆر بـوو، بەهـۆی شـوێنی جوگرافیـای لەسـەر سـنووری هـەردوو دەوڵـەت، میرنشـینی بابـان ڕۆڵێکـی گرنگـی لـە ژیانـی سیاسـیی پاشـایەتی بەغـدادا هەبـوو (١٣).

لـە سـەرەتای سـەدەی نۆزدەمـدا، یەکـەم میـری کـورد کـە هەوڵـی دا قۆناغـی ململانێـی سـنووری عوسـمانی - ئێـران و کێشـە ناوخۆییەکانـی عوسـمانی بکاتـە دەرفەتێـک و بـە سـەربەخۆیی بجووڵێتـەوە؛ عەبدولڕەحمـان پاشـای بابـان بـوو. عەبدولڕەحمـان پاشـا، کـە بـۆ یەکـەم جـار لـە سـاڵی ١٧٩٠ بـوو بـە میـری بابـان، دوای هەشـت سـاڵ لـە پۆسـتەکەی لابـرا (١٤). بەهـۆی پێشـێلکارییەکانی سـنوور و نائارامییەکانـی هـۆزی بڵبـاس کـە لەسـەر سـنووری ئێران بـوون و بەهۆی ئـەوەی میرنشـینەکەی عەبدولڕەحمـان پاشـایش لەسـەر سـنووری ئێـران بـوو، سـلێمان پاشـای گـەورە جارێکـی تـر عەبدولڕەحمـان پاشـای بـۆ کۆنترۆڵکردنـی ئـەم نائارامییانـە ڕاسـپارد، بـەڵام

لــە كاتــی جێبەجێكردنــی ئــەم ئەركــەدا، چوونــە نــاو ئێــران و زیانگەیانــدن بــە هەندێــك ناوچــەی نیشــتەجێبوون بــووە هــۆی ســكاڵای لایەنــی ئێــران. لــە ئەنجامــدا، عەبدولڕەحمــان پاشــای بابــان لــە قــەزای كۆیــە و میرنشــینی بابــان لابــرا و لەگــەڵ براكــەی ســەلیم كــە حاكمــی كۆیــە و هەریــر بــوو، بــۆ حیللــە دوور خرانــەوە (١٥). بــەڵام دوای ماوەیەكــی كــەم، بەهــۆی بڵاوبوونــەوەی پەتــای تاعــوون لــە بەغــدا و مردنــی ســلێمان پاشــای گــەورە، پشــێوییەكی كارگێڕیــی لــەوێ هاتەكایەوە. بــەم شــێوەیە، ســەلیم بــەگ، كــە عەبدولڕەحمــان پاشــا پشــتیوانی لــێ دەكــرد و لــە هەمــان كاتــدا زاوای ســلێمان پاشــایش بــوو، كــرا بــە والــی بەغــدا و عەبدولڕەحمــان پاشــایش ئــازاد كــرا، بــەڵام مەمالیكەكان بە ســەرۆكایەتی عەلی پاشــا شــەوێك هاتنــە دەســت و ســەلیم بەگیــان لــە والییەتی بەغدا دوور خســتەوە و كاریگەرییەكانــی عەبدولڕەحمــان پاشــایان جارێكــی تــر لاواز كــردەوە (١٦).

عەبدولڕەحمــان پاشــا لــە ســاڵی ١٨٠٢دا، بــە كەڵــك وەرگرتــن لــە بۆشــایی دەســەڵات كــە بەهــۆی مردنــی ئیبراهیــم پاشــای بابانــەوە دروســت بــوو، دووبــارە بــووەوە میــری میرنشــینەكە. تــا ســاڵی ١٨٠٤ پێوەندییەكانــی لەگــەڵ والــی بەغدادی عوســمانیدا چــاك كردبــوو و لــە ڕاپەڕینــی وەهابییــەكان لــە (الاحســاء) پشــتیوانی لــە عوســمانییەكان كــرد و یارمەتــی دان، دواتــر بەهۆی كوشــتنی محەممــەد پاشــای حاكمــی شــاری هەریر، پێوەندییەكانی لەگــەڵ عەلــی پاشــای والــی بەغدا، تێكچــوو (١٧). عەلــی پاشــا هەڵمەتــی ســەربازی دژی عەبدولڕەحمــان پاشــا دەســت پێكــرد و بــووە هــۆی ئــەوەی؛ ســلێمانی، كــە ناوەنــدی بابانــەكان بــوو، جــێ بهێڵێــت و پەنــا بباتــە بــەر ئێــران. بەهــۆی ئــەم سەركەوتنەشــەوە، لەلایــەن ســوڵتان ســەلیمی ســێیەمەوە خــەڵات كــرا (١٨).

عەبدولڕەحمــان پاشــا، كــە داوای یارمەتــی لــە فەتــح عەلــی شــا، شــای ئێــران، كــرد، یارمەتــی داواكــراوی بەدەســت هێنــا و لەگــەڵ محەممــەد عەلــی میــرزای والــی كرماشــانی ئێــران، دەســتی بــە كۆكردنــەوەی ســپا كــرد لــە ســنووری عوســمانی- ئێــران (١٩). لــە بەرانبــەردا عەلی پاشا كە بیری لــە چارەســەركردنی كێشــەی عەبدولڕەحمــان پاشــا دەكــردەوە، بەبــێ ڕەزامەنــدی ئیســتانبوڵ، لەگــەڵ ســپاكەی بــەرەو ئێــران بــەڕێ كــەوت و سنووری بەزانــد و ئیدی بــووە هــۆی پێكدادان. لــەو ســەردەمەدا، بــە ڕەچاوكردنــی بوونــی هاوپەیمانییــەك لــە نێــوان عوســمانی، فەڕەنســا و ئێران دژی ڕووســیا و ڕێككەوتننامەكانی پێشــوو لەگــەڵ ئێــران، حكومەتــی ئیســتانبوڵ عەلــی پاشــای ڕازی كــرد كــە پاشەكشــێ بــكات. لــە ئەنجامــدا، عەبدولڕەحمــان پاشــا بــە پشــتیوانی ئێــران دووبــارە دەســەڵاتی بەســەر ســلێمانیدا گــرت و بــووەوە ســەركردەی بابانــەكان (٢٠). هۆكارێكــی گرنگی دیكەی پاشەكشــێی عەلــی پاشــا و گەڕاندنــەوەی میرنشــینی ســلێمانی بــۆ عەبدولڕەحمــان پاشــا، ســەرقاڵبوونی زۆری بــوو بــە كێشــەی وەهابییەكانــەوە (٢١).

لە ســاڵی ١٨٠٧دا، لە ئاژاوەی نێوان مەمالیكەكان لــە بەغــدا، عەلــی پاشــای والــی كــوژرا و ســلێمان پاشــای بچــووك وەك والــی لــەوێ دانــرا. ســەرەڕای ئــەوەی ســەردان بــۆ لای والــی نــوێ، نەریــت بــوو، عەبدولڕەحمــان پاشــا بەهــۆی ئــەو ڕووداوانــەی كــە لەگــەڵ والییەكانی پێشــوودا ڕوویــان دابوو، متمانەی بــە والــی عوســمانی نەبــوو و ســەردانی نەكــرد، ســلێمان پاشــا ئــەم هەڵســوكەوتەی عەبدولڕەحمــان پاشــای بــە ســووكایەتی بــۆ دەســەڵاتەكەی زانــی، بۆیــە بــە ســپایەكی گــەورەوە بــەرەو ســلێمانی بــەڕێ كــەوت و دووبــارە عەبدولڕەحمــان پاشــای لــەوێ دەركــرد (٢٢). بــەڵام ســلێمان پاشــا، كــە

نەیتوانی ململانێی ناو بنەماڵەی بابان بە باشی چارەسەر بکات، خالید پاشای نەکردە میری بابان، سەرەڕای ئەوەی لەناو بنەماڵەکەدا کەسێکی خۆشەویست بوو، ئەمەش بووە هۆی یەکگرتنی خالید پاشا لەگەڵ عەبدولڕەحمان پاشادا. لە ئەنجامدا، عەبدولڕەحمان پاشا بە پشتیوانی ئێران و بە ڕەچاوکردنی کێشەکانی عوسمانی لەسەر سنووری گورجستان، بە فەرمانی «بابیعالی» (٢٣) دووبارە وەک میری بابان لەلایەن والی بەغداوە ناسێنرا (٢٤).

تا ساڵی ١٨٠٩، والی بەغدا و لایەنی ئێران بە مەبەستی تەواو لەناوبردنی عەبدولڕەحمان پاشا؛ هێزیان یەک خست. لە ئەنجامی هێرشەکاندا، عەبدولڕەحمان پاشا ناچار بوو شاری سلێمانی جێ بهێڵێت و پەنا بباتە بەر کۆیە، بەڵام زۆربوونی سکاڵاکان لەسەر سلێمان پاشا بۆ ئیستانبوڵ، سەربەخۆیی کردەوەکانی پاشا و نەدانی باجەکانی، بووە هۆی لەدەستدانی پێگەی لە لای دەوڵەت (٢٥).

حکوومەتی عوسمانی کە دەیویست لە بەغدا کۆتایی بە دەسەڵاتی مەمالیکەکان بهێنێت، بەوەی بەربەستێکی گەورە بوون لە بەردەم هەوڵەکانی چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەنددا، بۆیە هەڵسوکەوتە نادروستەکانی سلێمان پاشای کردە دەرفەتێک بۆ جێبەجێکردنی ئەم خواستەی و حالەت ئەفەندی بە دەسەڵاتێکی نائاساییەوە ناردە ناوچەکە، بەڵام ناردنی فەرمانێک لەلایەن ناوەندەوە بۆ عەبدولڕەحمان پاشای بابانی بۆ یارمەتیدانی حالەت ئەفەندی لەم بابەتەدا، دەبووە هۆی بەهێزبوونەوەی عەبدولڕەحمان پاشا (٢٦).

لە ساڵی ١٨١٠دا، حالەت ئەفەندی بە پشتیوانی مەحموود پاشای والی مووسڵ و عەبدولڕەحمان پاشای موتەسەڕیفی بابان، بەرەو بەغدا بەڕێ کەوت. لە بەرانبەر سپایەکی ٢٠،٠٠٠ کەسی عوسمانیدا، سلێمان پاشا بە سپایەکی ١٠،٠٠٠ کەسییەوە بەرەو شوێنی «چاتەڵکۆپرۆ» نزیک بەغدا ڕۆیشت. دوای پازدە ڕۆژ لە پێکدادان، سلێمان پاشا شکستی هێنا و لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە سەربازەکانی پەنای بردە بەر هۆزە عەرەبەکان لە ناوچەی ئیمام ئەعزەم، بەڵام ئەم هۆزانە، کە لەگەڵ حالەت ئەفەندیدا نێوانیان خۆش بوو، سلێمان پاشایان کوشت و سەری ئەویان بۆی نارد (٢٧).

دوای لەناوبردنی سلێمان پاشا، پرسی دەستنیشانکردنی والییەکی نوێ بۆ پاشایەتی بەغدا هاتە ئاراوە. پێش ئەوەی کێشەی سلێمان پاشا یەکلایی بێتەوە، عەبدولڕەحمان پاشا نامەیەکی بۆ ئیستانبوڵ نووسی و بەڵێنی دا ئەگەر ئەو وەک والی دەستنیشان بکرێت؛ نزیکەی دوو ئەوەندەی ئەو باجە بدات کە دەوڵەت لەو کاتەدا وەری دەگرت، هەرچەندە ئەم پێشنیارە بۆ حکوومەتی ئیستانبوڵ سەرنجڕاکێش بوو، بەڵام لەسەر ئەم بابەتە ڕاوێژ بە حالەت ئەفەندی کرا. لەسەر ئەمە حالەت ئەفەندی وەڵامێکی بۆ ناوەند نووسی:

«...بۆ ئەوەی عەبدولڕەحمان پاشا بتوانێت لە بەغدا بمێنێتەوە، پێویستە دەسەڵاتی مەمالیکەکان بە تەواوی لەناوببرێت، لەم حاڵەتەدا خوێنێکی زۆر دەڕژێت، وێڕای ئەم مەترسییە، ئەمەش پێویستی بەوە دەبێت کە حکوومەتی عێراق بکەوێتە دەستی بنەماڵەی بابان، هەرچەندە مەمالیکەکان بەغدایان وەک ماڵی خۆیان زانیوە و بوونەتە هۆی هەندێک کێشە، بەڵام پەنا نابەنە بەر بێگانەکان و نایانخەنە ناو کارەکانیانەوە، بەڵام لە کۆنەوە بەشێک لە بنەماڵەی بابان گوێڕایەڵی

دەوڵــەت بــوون، لــە کاتێکــدا بەشــێکی تریشــیان لایەنگری ئێرانییــەکان بــوون. لــە هــەردوو لایەنــدا دەســتیان هەیــە. بەخشــینی حکوومەتــی عێــراق بــە عەبدولڕەحمــان پاشــا زۆر کێشــە دروســت دەکات.... (٢٨)»

بە ڕەچاوکردنی ئـەم نامەیـەی حالـەت ئەفەنـدی، عەبدولڕەحمان پاشا کە یەکێک بوو لە بەهێزترین کاندیـدەکان بـۆ والییەتـی بەغـدا، تـا ڕادەیـەک تووشـی بەربەسـتی سیاسـەتەکانی چەسـپاندنی دەسـەڵاتی ناوەنـد بـوو و لـە ئەنجامـدا نەیتوانـی ببێتـە والـی بەغـدا، ئەگەرچـی خـۆی نەیتوانـی ببێتـە والـی، بـەڵام بوونـی لـە پێگەیەکـی بەهێـزی سـەربازیدا و سـەرکەوتنی لـە پێکدادانـەکان لەگـەڵ سـەعید ئاغا لـە بەغدا، بووە هـۆی ئـەوەی عەبدوڵڵا پاشـا کـە لـە ژێـر پارێـزگاری ئـەودا بـوو، ببێتـە والـی بەغدا (٢٩). وەڵامـی عەبدوڵـڵا پاشا بـۆ ئـەم چاکەیـە ئـەوە بـوو کـە عەبدولڕەحمـان پاشا وەک والـی سلێمانی بناسـێت و هەمـوو پشـتیوانییەکی بـۆ دابیـن بـکات (٣٠).

لــە ســاڵی ١٨١٠دا، عەبدولڕەحمــان پاشــا، دوای مسـۆگەرکردنی ئاسـایش، بەغـدای جـێ هێشـت و گەڕایـەوە شـاری سلێمانی (٣١)، بـەڵام عەبدولڕەحمان پاشـا، کـە هـاوکاری لەگـەڵ دەوڵەتـی عوسـمانیدا دەکـرد، ئەمجارە مەترسـی ئێـران چاوەڕێـی دەکـرد، چونکـە سلێمان پاشا پێوەندی باشی لەگـەڵ ئێراندا هەبـوو و لەناوبردنـی ئـەو بـە واتـای پەکخسـتنی چالاکییەکانـی ئێـران لـە ناوچەکـەدا دەهـات. ئـەو عەبدولڕەحمــان پاشــایەی کــە پێشــتر پێوەنــدی باشـی لەگـەڵ ئێرانـدا هەبـوو، تێوەگلانی لـە ڕووداوی سلێمان پاشـادا بـووە هۆی تێکچوونی پێوەندییەکانی لەگـەڵ حکوومەتـی ئێـران. حکوومەتـی ئێران دەسـتی کـرد بـە گرتنەبـەری ڕێگـەی جۆراوجـۆر بـۆ ئـەوەی بابەتەکـە بـە قازانجـی خـۆی بشـکێنێتەوە. سـەرەتا ئێـران ئامـاژەی بـەوەدا کـە دەبێـت ڕای ئەوانیـش لـە دیاریکردنـی میرەکانـی شـارەزووردا وەربگیرێـت، پاشــان داوای خاکــی لــە دەوڵەتــی عوســمانی کـرد (٣٢). کاتێـک داواکارییەکانـی جێبەجـێ نەکـران، شـازادەی ئێـران محەممـەد عەلـی میـرزا بـە سـپایەکی گـەورەوە هێرشـی کـردە سـەر سـلێمانی، هەرچەنـدە عەبدولڕەحمــان پاشــا لــە ســەرەتادا بەرگــری لــە هێرشـەکە کـرد و خـۆی ڕاگـرت، بـەڵام دوای خیانەتـی خالیـد پاشـا، پاشەکشـەی کـرد بـۆ کۆیـە. تـا دۆزینـەوەی ڕێگـەی ئاشـتی لەگـەڵ ئێـران، لـەوێ لـە حاڵەتــی بەرگریــدا مایــەوە (٣٣).

بوونـی سـپایەکی بەهێـزی ئێـران لـە سـلێمانی؛ بــووە هــۆی نیگەرانــی عەبدوڵــڵا پاشــای والــی بەغـدا و وای لێکـرد بیـر لـە ڕێگەچارەیـەک بکاتــەوە. محەممــەد عەلــی میــرزا کــە لــە دۆخــی والــی بەغــدا ئــاگادار بــوو، پێوەنــدی پێــوە کــرد و پێشــنیازی ئاشــتی کــرد. بەپێــی ئــەو ڕێککەوتنــەی کــرا، بەڕێوەبردنــی ســنجاقی بابــان کــە ناوەندەکــەی ســلێمانی بــوو، درا بــە خالیــد پاشـای بابـان کـە ئامـۆزای عەبدولڕەحمـان پاشـا بـوو، هەروەهـا بەڕێوەبردنـی هەریـر و کۆیـەش درا بــە عەبدولڕەحمــان پاشــا، بــەڵام عەبدولڕەحمــان پاشــا دوای ماوەیەکــی کــەم لــەم ڕێککەوتنــە، هێرشـی کـردە سـەر شـاری سـلێمانی کـە لەژێـر دەسـەڵاتی خالیـد پاشـادا بـوو و داگیـری کـرد. لـە بەرانبـەر ئـەم دۆخـەدا، عەبدوڵـڵا پاشـای والـی بەغـدا، سـپاکەی کۆکـردەوە و بـەرەو سـلێمانی بـەڕێ کـەوت. لەسـەر ئەمـە، عەبدولڕەحمـان پاشـا هەواڵـی بـۆ بەغـدا نـارد و داوای لێبوردنـی کـرد و گوێڕایەڵـی خـۆی ڕاگەیانـد. عەبدوڵـڵا پاشـا گوێڕایەڵـی عەبدولڕەحمـان پاشـای قبـووڵ کـرد و لێـی خـۆش بـوو، جگـە لـە سـنجاقەکانی کۆیـە و هەریـر کـە پێشـتر لـە دەسـتیدا بـوون،

بەڕێوەبردنـی سـنجاقی بابانیشـی پـێ دا (٣٤).
عەبدوڵـڵا پاشـا، بەهـۆی پێوەنـدی باشـی عەبدولڕەحمان پاشا لەگەڵ ئێران و گوێڕایەڵنەبوونی فەرمانەکانـی بەغـدا، لـە سـاڵی ١٨١٢دا بـە سـپایەکی گـەورەوە بـەرەو سـلێمانی بـەڕێ کـەوت. عەبدولڕەحمان پاشاش کە دەیویست بەرگری لـەم هەڵمەتـە بـکات، دەسـتی بـە هەڵمەتـی دژ کـرد. عەبدولڕەحمـان پاشـا بـۆ ماوەیـەک لـە بەرانبـەر سپای زەبەللاحی عوسمانیدا سەرکەوتنی بەدەست هێنـا، بـەڵام لـە بەرانبـەر پشـتیوانی تۆپخانـەی بەغـدادا نەیتوانـی بەرگـری بـکات و ناچـار پەنـای بـردە بـەر ئێـران (٣٥).
لایەنـی ئێـران لایەنگریـی عەبدولڕەحمـان پاشـای کـرد و وای کـرد لـە سـاڵی ١٨١٢دا دووبـارە بگەڕێتـەوە سـەر فەرمانڕەوایی میرنشـینەکەی، بەڵام عەبدولڕەحمان پاشا لـە ساڵی ١٨١٣دا لە سلێمانی کۆچـی دوایـی کـرد (٣٦). مردنـی چاوەڕواننەکراوی عەبدولڕەحمـان پاشـا تـا ڕادەیەکی زۆر گرژییەکانـی کـەم کـردەوە. بەپێـی نەریتـی میراتگـری، مافەکانـی بـۆ کـوڕە گەورەکـەی گوازرایـەوە، ئـەم کەسـەش مەحمـوود پاشـا بـوو کـە بـۆ چەنـدان سـاڵ وەک بارمتـە لـەلای شـازادەی ئێـران محەممـەد عەلـی میـرزا مایـەوە. شـازادە خۆیشـی یارمەتـی دانانەکـەی دا (٣٧)، هەرچەنـدە مەحمـوود پاشـا هەوڵــی دا شـوێنپێی باوکـی هەڵگرێـت و تۆڵـەی بکاتـەوە، بـەڵام هێنـدەی ئـەو سـەرکەوتوو نەبـوو و لـەم مێـژووە بـەدواوە میرەکانـی سـۆران لـە ناوچەکـەدا بەهێـز بـوون و دەسـەڵاتیان گرتـە دەسـت.
ڕووداوی عەبدولڕەحمان پاشای بابان؛ نموونەیەکی گرنگە بۆ نیشاندانی ئەو ململانێیانـەی کە دەوڵەتـی عوسـمانی لـە سـەدەی نۆزدەیەمـدا لـە ناوچـە دوورەدەسـتەکاندا دەسـتی پـێ کـرد.
ڕاسـتییەکەی، ئەگـەر ئـەم بابەتـە لـە چوارچێـوەی ناوەندگەرایـی و بەهێزکردنـی ئیـدارەی ناوەنـدی لـەو خاکانـەی سـنوورەکانی ڕۆژهەڵاتـی عوسـمانیدا سـەیر بکرێـت، یەکێکـە لـە کۆنکرێتتریـن نموونەکانـی ئـەو ململانێیانـەی لەگـەڵ ناوەنـدە دەسـەڵاتە خۆجێییەکانـدا کـراون. لـەم ڕووداوەدا بـە ڕوونـی دەتوانیـن ببینیـن کـە میرنشـینە کوردییەکانـی سـەر سـنووری ئێـران چـۆن سیاسـەتی هاوسـەنگییان لـە نێـوان عوسـمانی و ئێراندا پەیڕەو کردووە. وەک لـەم ڕووداوەدا دەبینرێت، عەبدولڕەحمـان پاشـا بـۆ ئـەوەی دەسـەڵات و ئیمتیازاتەکانـی لەدەسـت نـەدات، لـە مـاوەی چەنـد سـاڵێکدا چەنـدان جـار لایەنـی گۆڕیـوە، جارێـک سـەروەریی دەوڵەتـی عوسـمانی و جارێکیـش دەوڵەتـی ئێرانـی قبـووڵ کـردووە. ئـەم سـەرگەرمییەی گۆڕینـی لایەنداریـی بـەردەوام؛ هـەردوو دەوڵەتـی ڕووبـەڕووی یەکتـر کردووەتـەوە و زۆربـەی کاتیـش ئـەم ڕووبەڕووبوونەوانـە گـۆڕاون بـۆ پێکدادانـی سـەخت، بۆیە هۆکارەکانی نەتوانینـی دابینکردنـی سـەقامگیری لـە ناوچـەی سـنوور بـۆ سـەدان سـاڵ، لەگـەڵ ئـەم ڕووداوەدا زیاتـر ئاشـکرا دەبـن.
وێـڕای ئـەم ڕووداوە، سـەرنج دەدەیـن کـە دەوڵەتـی عوسـمانی چۆن سیاسـەتی هاوسـەنگیی لە ناوچەکەدا پەیـڕەو کـردووە، چونکـە دەوڵــەت، سـەرباری بـە ئەسـڵ کۆیلـەکان کـە فەرمانـڕەوای ناوچـەی عێـراق بـوون و بـە شـێوەیەکی نیمچـە سـەربەخۆ لەژێـر نـاوی سـوڵتانی عوسـمانیدا ئیدارەیـان دەکـرد، لەگەڵ میرنشـینە کوردییـەکان کـە بـۆ سـەدان سـاڵ لـە ناوچەکـەدا خاوەنـی پێکهاتەیەکـی سـەربەخۆ بـوون؛ ڕووبـەڕووی یەکتـر دەکـردەوە و بەپێـی دۆخەکـە هێزەکانیانـی هاوسـەنگ دەکـرد و ئـەم ناوەنـدە دەسـەڵاتانەی لـەوە دەردەهێنـا کـە هەڕەشـە بـن بـۆ مانـەوەی دەوڵەتەکـە.»

*** ئەمە بەشێکە لە تێزی دوکتۆرای (XIX. YÜZYILDA OSMANLI DEVLETİ'NDE MERKEZİLEŞME ÇABALARI BAĞLAMINDA REVANDİZ PAŞASI SORANLI MEHMED İSYANI) (لاپەڕە ٨٤ - ٩٣) کە لە ساڵی ٢٠٢٥ پێشکەشی زانکۆی ئینونو لە شاری مەلاتیەی تورکیا کراوە.**

**سەرچاوە و پەراوێز:**

(١) دووەم گەمارۆدانی ڤییەننا لە لایەن عوسمانییەکانەوە لە ١٤ی تەمموز تا ١٢ی ئەیلوولی ساڵی ١٨٨٣ بوو کە ئەو شەڕە بە شکستی عوسمانییەکان کۆتایی هات (وەرگێڕ).

(٢) سیستمی مالیکانە: ڕێگەیەک بوو بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی کورتدا نەختینە بچێتە گەنجینەیی دەوڵەتەوە. لە سەدەی ١٧دا ئابووری دەوڵەتی عوسمانی زۆر لاواز بوو، پێیان وابوو بەهۆی ئەم سیستمە، ئابووریی دەوڵەت هەڵدەستێتەوە. سیستمەکەش ئەوە بوو کە سەرچاوەکانی داهات بە درێژایی تەمەن دەدرانە هەندێک کەس و دوای مردنی کەسەکە جارێکی تر بە زیادکردنەوە دەدرانە کەسێکی تر، بەمەش باج زووتر و باشتر بۆ دەوڵەت دەگوازرایەوە (وەرگێڕ).

(٣) ئیلتیزام: شێوازێک بوو لە کۆکردنەوەی داهاتەکانی دەوڵەتی عوسمانی، کە بەشێک لەو داهاتانە لە بەرانبەر بڕێک پارەدا لەلایەن دەوڵەتەوە بە کەسانی تایبەت دەدران بۆ کۆکردنەوەیان. بەو کەسەی بەرپرسیار بوو لە کۆکردنەوەی باجەکە، دەیانگوت «مولتەزیم». مولتەزیمێک کە بە ڕێگەی زیادکردن ئیلتیزامی وەردەگرت، پابەند دەبوو بە پێدانی بڕێکی دیاریکراو بە دەوڵەت (وەرگێڕ).

(4) Rich, Cloudius J., Narrative Of A Residance Koordistan And On The Site of Ancient Nineveh, Vol. I, Edited By His Widow, Londra, 1836, s.72.

(5) Çabuk, Fehminaz, "Osmanlı-İran Hudut Boylarında Aşiret, Devlet ve Siyaset: Caf Kürt Aşireti ve Reisleri Asi Mahmut Paşa Meselesi", Uluslararası Medeniyet Çalışmaları Dergisi, 2018, 3/1, ss.129 150.

(6) Uluerler, Sıtkı. Osmanlı-İran Sınır Tespiti ve Güvenliği Açısından Bazı Aşiretlerin Çıkardığı Sorunlar (1850-1854)", Fırat Üniversitesi Sosyal Bilimler Dergisi, 25/2, 2015, s. 250.

(7) Çabuk, Fehminaz, II. Abdülhamit Dönemi Osmanlı – İran İlişkilerinde Kürt Aşiretleri Meselesi, (1.Baskı), İksad Yayınları, Ankara 2019, s.106.

(8) Dinç, Fasih, "Osmanlı-İran Sınırında Toplum ve Siyaset: Caf Aşireti ve Nasturî Cemaati," ( Yayınlanmamış Doktora Tezi), Hacettepe Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü Tarih Anabilim Dalı, Ankara 2020, s.46.

(9) Şerefhan Bitlisi, Şerefnâme, (çev. Abdullah Yegin), (6.Baskı), Nûbihar Yayınları, C.1, İstanbul, 2019, ss.317-318.

(10) Mehmet Emin Zeki Bey, Xulasayekî Tarixê Kurd û Kurdistan, (Kürtler ve Kürdistan Tarihi), (çev: Vahdettin İnce v.d), (12. Baskı), Nûbihar Yayınları, İstanbul 2019, ss.738-739.

(11) Celilê Celil, XIX. Yüzyıl Osmanlı İmparatorluğu'nda Kürtler, (çev. Mehmet Demir), (1. Baskı), , Özge Yay., Ankara 1992.  s.53.

(12) Bayrak, Şaban, "Osmanlı-İran Devletlerinin Irak'ın Kuzeyindeki Aşiretlere Yönelik Siyasetleri Ve Baban Mutasarrıfı Abdurrahman Paşa Olayı (1790-1813)", 38. ICANAS Uluslararası Asya ve Kuzey Afrika Çalışmaları Kongresi, C. 1, Atatürk Kültür Dil ve Tarih Yüksek Kurumu Yay., Ankara, 2012, ss. 647-662.

(13) Celilê Celil, 1992. s.53.

(14)Mehmet Emin Zeki Bey, Kürt ve Kürdistan Ünlüleri (Meşahir-i Kurd u Kurdıstan), (çev. M. Baban v.d), (2. Baskı), Apec&Öz-ge Yayınları, Spanga, 1998, s. 233.

(15) Ahmet Cevdet Paşa, Tarih-i Cevdet, C.7, Takvimhane-i Amire Matbaası, İstanbul 1858, s 258.

(16)Ahmet Cevdet Paşa, 1858, C.7, s. 263.

(17) Mehmet Emin Zeki Bey, 1998, s. 233.

(18) BOA., HAT. 38/1915.

(19) Celilê Celil, 1992, s. 58-60.

(20) Şaban Bayrak, "Osmanlı-İran Devletlerinin Irak'ın Kuzeyindeki Aşiretlere Yönelik Siyasetleri Ve Baban Mutasarrıfı Abdurrahman Paşa Olayı (1790-1813)", 38. ICANAS Uluslararası Asya ve Kuzey Afrika Çalışmaları Kongresi, C. 1, Atatürk Kültür Dil ve Tarih Yüksek Kurumu Yay., Ankara, 2012, s. 654.

(21) Ahmet Cevdet Paşa, 1858, C.VIII, s. 80-82.

(22) Mehmet Emin Zeki Bey, 1998, s. 234.

(23) BOA., HAT. 3/70-1.

(24) Ahmet Cevdet Paşa, Tarih-i Cevdet, C.9, Takvimhane-i Amire Matbaası, İstanbul 1858, s.248.

(25) Celilê Celil, 1992, s. 61-62.

(26) BOA., C.DH- 75/3728. .

(27) Yenidünya, Süheyla, "Osmanlı'nın Kölemen Hâkimiyetini Kaldırma Teşebbüsleri", Türk Dünyası Araştırmaları Dergisi", 2009, (182) s. 1-46.

(28) Şaban Bayrak, 2012, s. 657.

(29) Şanizade Mehmet Ataullah Efendi, Şanizade Tarihi, C.2, Trabzonlu Bakırcıbaşı Mahmud Efendizade Süleyman Efendi Matbaası, İstanbul 1873, s.27.; Bayrak, 2012, s. 657.; Yenidünya, 2009, s. 25-26.

(30) Celilê Celil, 1992, s.62.

(31) Mehmet Emin Zeki Bey, 1998, s. 234.

(32) Şaban Bayrak, 2012, s. 657.

(33) Mehmet Emin Zeki Bey, 1998, s. 234

(34) Ahmet Cevdet Paşa, Tarih-i Cevdet, C. 10, Takvimhane-i Amire Matbaası, İstanbul 1858, s.103-104.

(35) BOA., C.DH- 85/4232.

(36) Mehmet Emin Zeki Bey, 1998, s. 234, Ahmet Cevdet Paşa, 1858, C.10, s. 122.

(37) Celilê Celil, 1992, s.63.